مەسعود بارزانی بە بۆنەی هاتنەوەی جژنی ڕەمەزانەوە پیرۆزبایی لە موسڵمانانی جیهان وعێراق و کوردستان دەکات



سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنەوەی جژنی ڕەمەزانەوە، پیرۆزبایی لە موسڵمانانی جیهان، عێراق و کوردستان دەکات و، هیوادارە ئەم جژنە ئاشتی و خێر و ئارامی بێت بۆ گشت مرۆڤایەتی.

شەممە 29ـی ئاداری 2025، مەسعود بارزانی، بە بۆنەی هاتنەوەی جژنی ڕەمەزان، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

لە پەیامەکەی بارزانیدا هاتووە، بە بۆنەی جژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی جیهان و عێراق و کوردستان دەکەم، هەروەها پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان دەکەم.

بارزانی دەڵێت: لەو بۆنەیەوە هیوای خێر و ئارامی بە خەڵکی خۆشەویستی کوردستان دەخوازم و لە خوای گەورە داواکارم ڕۆژوو و عیبادەتی هەموو موسڵمانانی قبووڵ بکات.

هاوکات هیواشی خواست، ئەو جۆرنە ئاشتی و خێر و ئارامی بە گشت مرۆڤایەتی بەدی بهێنێت.